السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# به دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت، ووتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە، وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت»، ووتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «تەنانەت منیش، مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئیستیقامەت (پابەندبوون بە ڕێگای ڕاستی هیدایەت) بە گوێرەی توانایە، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (بە دوای ڕێبازە ڕاستەکە بگەڕێن وبە گوێرەی توانا لێی نزیک بنەوە)، واتا: کۆشش بکەن بۆ ئەوەی کردەوەکانتان هەق بپێکێت بە گوێرەی تواناتان، چونکە مرۆڤ هەرچەندە تەقوادار وپارێزکار بێت هەر هەڵە دەکات، بۆیە مرۆڤ فەرمانی پێکراوە بە گوێرەی توانای کردەوەکە بکات. پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت)، واتا: هیچ کەسێک بەهۆی کردەوەکانیەوە لە دۆزەخ ڕزگاری نابێت، چونکە کردەوە هەرچەندێک زۆر بێت ناگاتە پلەی سوپاسگوزاری بۆ خوای گەورە بەرامبەر مافەکانی لە سەر بەندەکان ونیعمەتەکانی؛ بەڵام خوای گەورە بەندە دادەپۆشێت بە ڕەحمەتی خۆی بۆ ئەوەی لێی خۆشبێت. کاتێک فەرمووی: (وبزانن کە هیچ یەکێک لە ئێوە بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت)، ووتیان پێی: تەنانەت تۆیش؟! فەرمووی: (تەنانەت منیش)، واتا: بە هەمان شێوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یش بە هۆی کردەوەکانیەوە ڕزگاری نابێت، وئەمەی ئاشکرا کرد کاتێک فەرمووی: (مەگەر خوای گەورە بە ڕەحمەت وفەزڵی خۆی دامبپۆشێت)، بۆیە مرۆڤ هەرچەندێک پلەی بەرز بێت؛ بە کردەوەی خۆی ڕزگاری نابێت تەنانەت پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر ڕەحمەت ولێخۆشبوونی خوای گەورە نەبوایە لە هەموو کردەوەکانی پێشوو وپاشتری؛ ئەوا بە هۆی کردەوەکانی خۆی ڕزگاری نەدەبوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3469

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee